تاکە داواکاری

مووەحیدان و یەکخواپەرستان

نووسینی شێخی موجاهید:

تركي بن مبارك البنعلي (تقبله الله تعالى)

سەرچاوەی بەرهەم:

أرشيف جامع للدولة ألإسلامية

وەرگێڕان:

ڕاگەیاندنی صراط





بسم الله الرحمن الرحيم

تاکە داواکاری
مووەحیدان و یەکخواپەرستان

نووسینی شێخی موجاهید:

تركي بن مبارك البنعلي (تقبله الله تعالى)



«بیرمەندی ئینگلیزی (جۆرج بێرنارد شۆ) دەڵێت: «جیهان چەندە موحتاجی (موحەممەدﷺ)ە، تاوەکو بێت و کێشەکانی جیهان چارەسەر بکات، بەو ئاسانی و خێراییەی کە پیاوێک قاوەکەی دەخواتەوە». ڕوونکردنەوە (بۆ ئەوەی تەواو تێبگەیت): مەبەستی قسەکە ئەوەیە: کێشەکانی جیهان ئەوەندە زۆر و ئاڵۆزە، کەس پێی چارەسەر ناکرێت، بەڵام ئەگەر (موحەممەد ﷺ) لەناومان بوایە، زۆر بە ئاسانی و بە بێ ماندووبوون چارەسەری دەکردن.

وێنەی (قاوە خواردنەوەکە) بۆ ئەوەیە بڵێت: چۆن مرۆڤ کە قاوە دەخواتەوە ئیسراحەت دەکات و ماندوو نابێت و کاتێکی کەمی دەوێت ئاوا بەو ئاسانییە کێشەکانی چارەسەر دەکرد.

بەڵێ بەسوودترین چارەسەر و کاریگەرترین دەرمان بۆ سەرجەم کێشە و گیر و گرفت و ئاڵۆزی و نەهامەتییەکان بریتییە لە گەڕانەوە بۆ لای الله تعالی و پەیڕەوکردنی شەریعەتەکەی لە هەموو ورد و درشتێک و لە هەموو گەورە و بچووکێکدا چونکە الله تعالی خۆی بەدیهێنەری مەخلوقاتە و خۆیشی دەزانێت چی بۆیان باشە و چاکسازییان تێدا دەکات، هەر وەک دەفەرموێت

(أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ) {الملک: ١٤}

واتا: (مەگەر الله تعالی نازانێ کێی دروستکردووە و چۆنی دروستکردووە لە کاتێکدا زۆر وردبین و بە ئاگایە؟ کەوابوو لە الله تعالی بترسن، پیلان بۆ موسڵمانان مەگێڕن نە بە نهێنیی، نە بە ئاشکرا)

کەواتە جێبەجێکردن و سەروەرکردنی شەریعەتی ئیسلام چارەسەرە بۆ کێشەی ئەمنی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوورییەکان و سەرجەم کێشەکانی دیکەش. الله تعالى دەفەرموویێت:(وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا التَّوْرَاةَ وَالْإِنْجِيلَ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِمْ مِنْ رَبِّهِمْ لَأَكَلُوا مِنْ فَوْقِهِمْ وَمِنْ تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ)
واتا: (ئەگەر ئەوان [ئەهلی کیتاب] حوکمەکانی تەورات و ئینجیل و ئەوەی لەلایەن پەروەردگاریانەوە بۆیان دابەزیوە [قورئان] جێبەجێیان بکردایە ئەوا بێگومان لە سەرووی خۆیانەوە [بە باران] و لەژێر پێیانەوە [بە رووەک و بەروبووم] ڕۆزییان دەخوارد و تێریان دەخوارد) [المائدة: 66].
لە (ئیبن عەبباس)ـەوە (ڕەزای الله تعالى ی لێبێت) دەگێڕنەوە کە دەفەرموویێت: پێغەمبەری الله ﷺ فەرموویەتی: «پێنج شت بە پێنج شتن (واتە پێنج سزای دیاریکراو هەن بۆ پێنج گوناهـ)،
وتیان: ئەی پێغەمبەری الله ﷺ ئەو پێنجە چیین؟ فەرمووی: «هیچ گەل و هۆزێک پەیمانیان نەشکاندووە، مەگەر ئەوەی کە دوژمنەکەیان بەسەریاندا زاڵ کراوە، وە حوکم و دادوەرییان بە غەیری بەرنامەی الله تعالى نەکردووە، مەگەر ئەوەی کە هەژاری و نەداری لەنێوانیاندا بڵاو بووەتەوە،

وە داوێن پیسی و کاری بەد لەنێوانیاندا دەرنەکەوتووە، مەگەر ئەوەی کە مەرگ و مردن تێیاندا زۆر بووە، وە لە کێشانە و پێوانەدا (لە کاتی کڕین و فرۆشتندا) دزی و کەمییان نەکردووە، مەگەر ئەوەی کە بەروبوومیان لێ گیرایەوە و دووچاری وشکەساڵی و گرانی بوون، وە زەکاتیان نەگرتەوە (لە ماڵەکانیان دەرنەکرد)، مەگەر ئەوەی کە بارانیان لێ گیرایەوە (بێ بارانی ڕووی تێکردن) (1)»

(تێبینی ، ئەو فەرموودەیە ماناکەی ئەوەیە هەر قەومێک ئەو پێنج شتەی کردبێت، ئەوا ئیلا ئەو پێنج سزایەیان بەسەردا سەپاوە لەلایەن الله تعالى)

هەر بۆیە عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای الله تعالى ی لێبێت) فەرموویەتی، تاوەکو بە کورترین ووتار چارەسەری ئەو دۆخە بکات: «ئێمە گەلێکین الله تعالى بە ئیسلام سەربەرزی کردووین، جا هەر کاتێک لە غەیری ئیسلامدا بەدوای عیززەت و سەربەرزیدا بگەڕێین؛ ئەوا الله تعالى زەلیل و ڕیسوامان دەکات» (2)
جا ئەگەر ئێمە بۆ دەرمانی ئەم دەردانە، لەناو کەپسولە ئازارشکێنە کاتییەکاندا بگەڕێین، وەک سۆشیالیزم و دیموکراسی؛ ئەوا خەیاڵ پڵاوین (خەون دەبینین)! چونکە ئەمانە هیچمان بۆ زیاد ناکەن جگە لە قوڵبوونەوەی نەخۆشییەکە و بڵاوبوونەوەی بە هەموو لایەکدا،

(1) أخرجه الطبران في المعجم الكبير(45 /11) برقم: 10992.
(2) أخرجه -بنحوه- الحاكم في المستدرك (130 /1) برقم: 207، وابن أبي شيبة في المصنف (93 /7) برقم: 34444

وە بە تێپەڕبوونی ڕۆژ و مانگەکان دۆخەکە ئاڵۆزتر و گەورەتر دەبێت. کەواتە بۆ هەر کەسێک کە ئەم خاکە خۆشەویستەی خۆش دەوێت، و هەوڵ بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ و سەربەرزییە زەوتکراوەکەی دەدات(سەربەزریەکە بریتیە لە حوکم بە شەریعەت) ئەوا ئەم وشانەت وەک گڕی ئەستێرە (شەهاب)، لەسەر سینییەک لە زێڕ پێشکەش دەکەم.

ئامۆژگاریم کردن بەڵام بێسوود بوو — هەتا بەیانی داهات و تازە درەنگ بوو (3)

(3) لدُرَيْد بن الصمَّة، الأصمعيات (ص: 107).



نووسراوە لە ساڵی:

١٤٣٢ هـ - 2011 م